# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## پرۆژەی چاودێریی دۆخی پەروەردە

## هەشتەم راپۆرت: گرفتی نەخوێندنی وانەی کۆمپیتەر و کەمی پێداویستیەکانی

**ئایار ٢٠١٨**

١/٦/٢٠١٨

## پێڕست



| | |
|---|---|
| بەشی یەکەم | ناساندن |
| بەشی دوەم | راپۆرت |
| بەشی سێیەم | راسپاردە |



### بەشی یەکەم: ناساندن

١. پێشەکی

٢.کارنامەی یەکەکە

٣.ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

# ١.پێشەکی

رادیۆی دەنگ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەیی لەگەرمیان، لەپاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی دا وەکو دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆ لەگەرمیان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و شرۆڤەو پێشهاتەکان، هاوکات چەند پرۆژەیەو کارێکی دیکەشی ئەنجامداوە، کەهەندێک لەو پرۆژانە لە دەرەوەی خانەی کاری رۆژنامەوانین.

دروستکردنی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان) یەکێکە لەو پرۆژانەی کە رادیۆکە هەستاوە بە ئەنجامدانی، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە کاری میدیایی لەگەڵ کاری چاودێریی دەزگاکان تێهەڵکێش بکات و بیگونجێنێت، بەشێوەیەک زۆرترین خزمەت و سودی بۆ کۆمەڵگا لێبکەوێتەوە.

ئێمە لە رادیۆی دەنگ، ساڵی رابردو پرۆژەی دروستکردنی (یەکەی چاودێریی نوێنەرانی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)مان هەبو، کە تارادەیەکی باش سەرکەوتو بو لە چاودێرییکردنی کاری ئەو دو نوێنەرەی گەرمیان، بەڵام بۆ ئەمساڵ و لە میانی پرۆژەی رادیۆکەمان بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی NED بەباشمان زانیی یەکەیەکی نوێ پێکبهێنین کە ئەمجارەیان چاودێریی حکومەتی خۆجێیی بکات.

کاری ئەم یەکەیە، بەتایبەت چاودێرییکردنی هەردو کەرتی (پەروەردە) و (تەندروستی)یە لەگەرمیان، لەماوەی ئەمساڵ دا (٢٤) راپۆرت لەبارەی گرنگترین کێشەو ئالەنگاریەکانی بەردەم ئەم دو کەرتە بڵاودەکاتەوە بەشێوەیەک هەر کەرتەو مانگەی راپۆرتێک لە بوارێکی دیارییکراو دەبێت.

بۆ مانگی یەکەمی کارکردنی ئەم پرۆژەیە، بۆ بەشی پەروەردە، پرسی ژمارەو جۆر و دابەشبون و کێشەی بینای خوێندنگەو قوتابخانەکانمان کردوە بە تەوەری باس، لەبواری تەندروستیش دا، کێشەی کەمی یان نەبونی پزیشک لە گەرمیانمان دیارییکردوە، ئەمەش بەوهۆیەی کە دو پرس و بابەتی گرنگ و لەهەمان کاتیشدا ئاڵۆز و هەستیارن. ئەم راپۆرتانەش جگە لە رایگشتی، ئاراستەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ئیدارەی گەرمیان و هەروەها دامودەزگاکانی تری پەیوەندیدار دەکرێت.

هیوادارین لەم هەنگاوەی دەستمان پێکردوە، سەرکەوتو بین و کارەکەمان بتوانێت رۆڵێکی هەبێت لە کەمکردنەوەی قەبارەی کێشەکانی ئەو دو کەرتەو هەروەها دەرفەتێکیش بێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەو کەموکورتییەکان و چاککردنەوەیان، لەپێناو سودی گشتی.

هەروەک بەتێبینی و سەرنجی هەمو لایەکیش خۆشحاڵ و گەورە دەبین، بەوپێیەی تاک و کۆتا ئامانجمان لەم پرۆژەیەی دەستمان داوەتێ، دروستکردنی گۆڕانکارییە بەئاراستەیەکی ئیجابی لەدەڤەری گەرمیان.

## ٢. کارنامەی یەکە

### یەکەم: ناساندن

یەکەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

دوەم: ئامانجی یەکە

١. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.

٢. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.

٣. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

٤. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

سێیەم: کارەکانی یەکە

١. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.

٢. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.

٣. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.

٤. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.

٥. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

چوارەم: بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە

١.لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.

٢.پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.

٣.وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## ٣. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناو×ةی گەرمیان

### ١. رادیۆی دەنگ:

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.
لە ساڵی ٢٠١٠ەوە دامەزراوەو لە بەرواری ٦ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.
ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.
رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (٢٦٥) لە بەرواری (٢/٢/٢٠١٠) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (٣٦٨) لە بەرواری (٢/٢/٢٠١٠) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.
لەئێستادا رۆژانە ٢٤ کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی ٩٩.٩ FM پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).
رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.
جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

## ٢. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (١٢٠٠) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (٩٠) نەوەد وڵاتدا دەکات.
(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (١٩٨٣) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاراستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.
(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

## ٤. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەرینی ساڵی ١٩٩١، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان، بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە،پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی رژێمی پێشوی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بریارێک لە رۆژی ٢٠٠٦/٨/٦ "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێرپییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی ٢٠٠٨ بریاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

## بەشی دوەم: راپۆرت

١. دەستپێک

٢. ئاماری مامۆستایانی کۆمپیوتەر لە سنوری پەروەردەی گەرمیان

٣. ئاماری پیداویستیە تایبەتەکانی کۆمپیوتەر لە لە قوتابخانەکانی سنوری گەرمیان

٤. مامۆستایانی کۆمپیوتەر چی لەبارەی خوێندنی بابەتی کۆمپیوتەر لە ناوەندەکانی خوێندن دەڵێن؟

ا. مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی

ب. مامۆستایانی قۆناغی ئامادەیی

٥. وتەی بەڕێوبەرانی ناوەندەکانی خوێندن لە سەر بابەتی کۆمپیوتەر

ا. بەڕێوەبەرانی  قوتابخانە بنەڕەتییەکان

ب. بەڕێوبەرانی قۆناغی ئامادەیی

٦. وتەی فێرخوازان لەسەر نەخوێندنی وانەی کۆمپیوتەر لە ناوەندەکانی خوێندن

٧. رای بەڕێوەبەرانی پەروەدەی گەرمیان و سەرپەرشتیاران لەسەر خوێندنی وانەی کۆمپیوتەر

## ١. دەستپێک

هەرچەندە کۆمپیوتەر وەکو بابەتێک لە مەنهەجی قۆناغەکانی خوێندن ئەژمارکراوە و دانراوە، بەڵام بە پێی پێویستی گرنگی بەو بابەتە نادرێت و لە بەشێک لە قوتابخانەکان کراوە بە بابەتێکی لاوەکی یاخود هەر ناخوێندرێت.

هەرچەندە بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و گۆرانکارییە خێراکانەوە کۆمپیوتەر بە یەکێک لە پێویستیەکانی رۆژانە ئەماردەکرێت کەچی تا ئێستا وانەی کۆمپیوتەر بەپێی پێویستی خۆی گرنگی پێنەدراوە و نەک بە پراکتیکی ناخوێندرێت لە بەشێکی ناوەندەکان مامۆستاشی نیە، چ لە ئامادەییەکان چ لە بنەرەتیەکان بۆ پرکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە لە نەبونی مامۆستا کۆمپیوتەر دروست بوە، ناچار بە پسپۆری بابەتەکانی دیکە پڕ کراوەتەوە بەتایبەت لە قۆناغی بنەڕەتی.

سەرەڕای ئەوەش زۆرێک لە ناوەندەکانی سنوری پەروەردەی گەرمیان خاڵین لە پێداویستی و جێگەیەکی تایبەت بە کۆمپیوتەر، ئەمەش وایکردوە کە بابەتی کۆمپیوتەر بە وانەیەکی لاوەکی ببینرێت، هاوکات لە زۆرێک لە ناوەندەکان مامۆستای کۆمپیوتەر بونی نیە.

## ٢. ئاماری مامۆستایانی کۆمپیوتەر لە سنوری پەروەردەی گەرمیان

بە پێی ئامارێکی بەڕێوبەرایەتی پەروەردەکانی کەلار و کفری بۆ مامۆستایانی کۆمپیوتەر لە قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەییەکان بەم شێوەیەیە:

| ژمارە | قوتابخانەکان | کەلار |
| --- | --- | --- |
| ١ | لە کۆی ٣٤ ئامادەیی | ١١ مامۆستای کۆمپیوتەر هەیە |
| ٢ | لە کۆی ١٥٧ بنەڕەتی | ٤٩ مامۆستای کۆمپیوتەر هەیە |
| **ژمارە** | **قوتابخانەکان** | **کفری** |
| ١ | لە کۆی ٨ ئامادەیی | ٧ مامۆستای کۆمپیوتەر هەیە |
| ٢ | لە کۆی ٦٤ بنەڕەتی | ٧ مامۆستای کۆمپیوتەر هەیە |

## ٣. ئاماری ئەو پیداویستیانەی تایبەت بە کۆمپیوتەر لە لە قوتابخانە بنەڕەتی و ئامادەییەکانی سنوری پەروەردەکانی کەلارو کفری دا هەیە:

بە پێی ئامارەیی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار ساڵی ٢٠١٦-/ ٢٠١٧، پێداویستی کۆمپیوتەر لە قوتابخانە بنەڕەتی و ئامادەییەکان بەم شێوەیە:

| ژمارە | قوتابخانەکان | کەلار |
| --- | --- | --- |
| ١ | لە کۆی ٣٣ ئامادەیی | ٢٨ ناوەند هۆڵی کۆمپیوتەری هەیە |
| ٢ | لە کۆی ١٥٧ بنەڕەتی | ١٠٩ ناوەند هۆڵی کۆمپیوتەری هەیە |

بە پێی ئامارەیی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی  کفری ساڵی ٢٠١٧-/ ٢٠١٨، پێداویستی کۆمپیوتەر لە قوتابخانە بنەڕەتی و ئامادەییەکان بەم شێوەیە:

| ژمارە | قوتابخانەکان | کفری |
| --- | --- | --- |
| ١ | لە کۆی ٨ ئامادەیی | ٣ ناوەند هۆڵی کۆمپیوتەری هەیە |
| ٢ | لە کۆی ٦٤ بنەڕەتی | هیچیان نیەتی |

## ٤. مامۆستایانی کۆمپیوتەر چی لەبارەی خوێندنی بابەتی کۆمپیوتەر لە ناوەندەکانی خوێندن دەڵێن؟

نەخوێندنی بابەتی کۆمپیوتەر بە پراکتیکی و گرنگی پێنەدانی لە ناوەندەکانی خوێندن هۆکار گەلێکی هەیە کە هەر یەک لە مامۆستایانی ئامادەیی و بنەڕەتی باسی لێوە دەکەن و هەر یەکیان هۆکارێک بە گرفت دەزانن کە ناتوانرێت وەک پێویست گرنگی بە بابەتەکە بدرێت.

## ا. مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی:

بەشێک لە مامۆستایانی کۆمپیوتەر بە هۆی نەبونی پێداویستیەوە کە ناتوانن بە پراکتیکی وانەکە بۆ فێرخوازەکانیان باسبکەن رێگەی دیکە دەگرنەبەر ئەویش وتنەوەی وانەکانە لە رێگەی داتاشۆوە، کە هێشتا ئەمەش نەیتوانیوە گرفتەکەیان بە تەواوی بۆ چارەسەر بکات.

بێستون محەمەد فازڵ، مامۆستای کۆمپیوتەر لە قوتابخانەی بنەڕەتی (رزگاری) لە قەزای کفری دەڵێت: "لە ناوەندەکەی ئێمە ئەوەی هەیە تەنها کۆمپیوتەرێکە و تەرخانمان کردوە بۆ قوتابیەکان زیاتر لە رێگەی داتاشۆوە بە پراکتیکی بۆیان روندەکەمەوە ئەمەش سودی ئەوتۆی نابێت بۆ قوتابیەکان، چونکە وەک ئەوە نابێت خۆیان دەستکاری بکەن و شارەزای پەیدا بکەن".

وتیشی: "مەنهەجەکەمان کۆنە و هی (١٠) ساڵ پێش ئێستایە و بەرنامەی ئۆفیسی کۆمپیوتەر هی (٢٠٠٣)یە، لە کاتێکدا چەندین ئۆفیس هاتوە ئەمە یەکێکە لە گرفتە سەرەکییەکانی چونکە سودی ئەوتۆی نابێت بە پراکتیکی کاتێک دێیتە سەر کۆمپیوتەر شتەکان جیاواز ترە و پێچەوانەیە، لەگەڵ ئەوەش هیچ خولێکی شیاندنم بۆ نەکراوەتەوە و سەرپەرشتیاریشم نیە".

هەندێک لە مامۆستایان ئەگەرچی لە ناوەندەکەیان ژمارەی کۆمپیوتەر تێیدا کەمە، بەڵام ئەوە بە گرفت نازانن بۆ خوێندنی بابەتەکە بە پراکتیکی ئەوەی گرفتە بۆیان مەنهەجەکەیە کە زۆر کۆنە.

ئامانج شەهاب ئەحمەد، مامۆستای کۆمپیوتەر لە قوتابخانەی بنەڕەتی (مەشخەڵان) لە کفری دەڵێت: "لە ناوەندەکەی ئێمە ئەگەرچی ژمارەی کۆمپیوتەرەکان کەمن و (٣) دانەیە، بەڵام کێشەکە لە پراکتیکی نیە ئەتوانین ئەنجامی بدەین، ئەوەی کێشەیە مەنهەجەکەیە باسی پرۆگرامی ئۆفیس ئەکات ئەمە بەکارهێنەری نەماوە و بەسەرچوە، هەرچەند باس بکرێت و بە پراکتیکی بخوێندرێت سودی بۆ قوتابی نابێت، ئەمەیە گرفتەکە کە وای لە مامۆستایان کردوە بە گشتی ساردبن لە خوێندنی پراکتیکی".

وتیشی: "بابەتەکە لە لایەن پەروەردەوە بە لاوەکی سەیر دەکرێت ئەگەر کۆمپیوتەریش هەبێت".

هەروەها، سیروان محەمەد عەلی، مامۆستای کۆمپیوتەر لە قوتابخانەی بنەڕەتی (هۆشیار) لە ناحیەی رزگاری دەڵێت: "بابەتی کۆمپیوتەر لەلای ئێمە کێشەی بابەتەکە ئەوەیە کە بە دەرسێکی لاوەکی تەماشا دەکرێت چ لە لایەن پەروەردەوە چ لە لایەن ئیدارەی ناوەندەکان، هەروەها هیچ پێداویستیەکی کۆمپیوتەریمان نیە و هۆڵی تایبەت بە خۆشی نیە و زۆر جاریش گرفتەکە ئەگەڕێتەوە بۆ نەبونی کارەبا لە ناوندەکان، بۆیە ئێمە زیاتر بە تیۆری دەیخوێنین".

وتیشی: "گرفتێکی دیکە ئەوەیە کە مەنهەجەکەیە و کۆنە کە لە ئێستا دا سودی بۆ قوتابی و خوێندکار نابێت چەند بە پراکتیکیش بخوێندرێت، هەروەها وەک خول هیچ خولێکم نەبینیوە تەنها دوساڵی گەشەپێدانەکەم خوێند ئەوە سودی هەبو بۆم".

لە هەندێک ناوەند جیاواز لەوانی تر ئەگەرچی مەنهەجە کۆنە، بەڵام مامۆستای بابەتەکە بۆ خۆی گۆڕانکاری کردوە و توانای خۆی بەکارهێناوە تا بتوانێت بە باشترین شێوە بابەتەکە بە قوتابیان بگەیەنێت.

ئەحمەد موسا رۆستەم، مامۆستای کۆمپیوتەر لە قوتابخانەی بنەڕەتی (ولات) لە کەلار دەڵێت: "لە زۆربەی ناوەندەکانی کەلار جێگەی تایبەت و پێداویستی کۆمپیوتەری تێدا نیە ئەمەش گرفتێکە کە نەتوانرێت بابەتەکە بە پراکتیکی بخوێندرێت و زیاتر بە تیۆریی بخوێنن، ئەگەرچی جێگەی (٢٤) کۆمپیوتەرمان هەیە بۆ قوتابیەکان و بابەتەکە بە پراکتیکی دەخوێنین لە هەمان کاتدا کەوتوەتەوە سەر مامۆستایان و قوتابیان خۆیان کە چەند گرنگی بە بابەتەکە بدەن".

وتیشی: "وەزارەتی پەروەردە خۆی بابەتەکەی وەلا ناوە و بە لاوەکی سەیری کردوە و کاری جدی بۆ نەکردوە یەکێک لەوانە مەنهەجە کۆنەکەیە کە ٢٠٠٣یە و ئێستاش ٢٠١٨یە هەر ئەو مەنهەجەیە، خۆم مەلزەمەیەکم ئامادەکردوە و لەسەر ئۆفیسی ٢٠١٠ بە پراکتیکی دەخوێنین، بۆیە پێویستە چ پەروەردە چ وەزارەت چ مامۆستایان خۆشیان گرنگی بە بابەتەکە بدەن".

نەخوێندی بابەتی کۆمپیوتەر بە پراکتکی تەنها لە سەنتەری شار نیە، بەڵکو ئەمە لە گوندەکانیش هەمان گرفت بونی هەیە بەڵکو بە رێژەیەکی زۆر زیاتر.

ئارام رەحیم، مامۆستای کۆمپیوتەر لە قوتابخانەی بنەڕەتی (چرچەقلا) لە ناحیەی شێخ تەویل دەڵێت: "لە ئێستادا کۆمپیوتەر پەیوەندییەکی تەواوی بەژیانی مرۆڤەوە هەیە بۆ راپەڕاندینی کارەکانی رۆژانەی بۆیە فێر بوونی کۆمپیوتەر زەرورەتە دەبێت وەزارەتی پەروەردە کار بکات بۆ بەمەنهەج کردنی بابەتی کۆمپیوتەر وەکو وانەیەکی سەرەکی نەک لاوەکی لە پرۆسەی خوێندن".

دەشڵێت: "پێداویستی لە گوندەکان نیە بۆ وانە وتنەوە، ئەگەر هەبێت تەنها کۆمپیوتەرێک هەیە ئەویش کاری کارگێڕی پێ دەکرێت بۆ وانەوتنەوە بەکار نایەت، بۆیە لەکاتی وانە وتنەوە تەنها پشت بەو مەنهەجە دەبەسترێت کەوەزارەتی پەروەردە دایناوە".

وتیشی: "لەکاتێکدا بۆ وانەی کۆمپیوتەر بەشێوەیەکی زانستی دەبێت هۆڵی تایبەتت هەبێت تاقیگەی هەبێت تاکو قوتابی بتوانیت بەباشی هەنگاوەکانی فێربوونی کۆمپیوتەر فێر ببێت، بۆیە پێویستە بەشە وانەکانی کۆمپیوتەر زیاد بکرێت، مامۆستای پسپۆری بۆ دامەزرێنێت، چونکە لە ئێستادا نەک من لە هیچ قوتابخانەیەک لە گوندەکان پسپۆری کۆمپیوتەر نیە و پسپۆری بابەتەکانی تر وانەکە دەڵێنەوە".

## ب. مامۆستایانی قۆناغی ئامادەیی:

لە بەشێک لە ناوەندەکانی خوێندن بەهۆی نەبونی پێداویستی کۆمپیوتەر ناچار بابەتەکە هەر بە تیۆری دەخوێندرێت و وەک یەکێک لە بابەتە وێژەییەکان بەڕێدەکرێت.

خالد فەریق حمەجان، مامۆستای کۆمپیوتەر لە قوتابخانەی ئامادەیی (زرنگ) لە ناحیەی رزگاری دەڵێت: "لە ناوەندەکانی خوێندن هیچ گرنگیەک بە کۆمپیوتەر و تەکنەلۆژیا نادرێت ئەوەشی دەکرێت تەنها تیۆرییە و وەک بابەتە وێژەییەکان دەخوێندرێت و بەڕێ دەکرێت و بە وانەیەکی لاوەکی سەیر دەکرێت، ئێمە هەر بە تیۆری دەیخوێنین، چونکە هیچ پێداویستیەکی کۆمپیوتەر و جێگەی تایبەتمان نیە، لەگەڵ ئەوەش مەنهەجەکە کۆنە و سودی ئەوتۆی نابێت بۆ خوێندکار".

وتیشی: "لە ساڵی ٢٠٠٧ بەشداری خولێکی شیاندنم کرد لەلایەن پەروەردەی گەرمیانەوە کرابوە و بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ بو، ئێستا وانەی کۆمپیوتەر زیاتر بۆ تەعویزی بابەتەکانی تر بەکاردەهێنرێت، ئەمە لەم ساڵدا نەبوە، بەڵکو لە ساڵانی پێشوتریش هەروابوە، تەنانەت وا لەلای خوێندکار و قوتابی خوڵقێنراوە کە بخوێنن یان نا ئەوا لە بابەتەکە هەر دەردەچن، ئەمانەیە گرفت".

هەندێک لەو مامۆستایانەی کە بابەتی کۆمپیوتەر دەڵێنەوە پسپۆری بابەتەکە نین لەگەڵ ئەوەش هیچ خولێکی شیاندنیان بۆ نەکراوەتەوە تاوەکو شارەزاییەک لە بابەتەکە وەربگرن ئەمەش یەکێکی دیکەیە لە گرفتەکان.

چیا عوسمان حەسەن، مامۆستای کۆمپیوتەر لە قوتابخانەی ئامادەیی (دۆغان) لە قەزای کفری دەڵێت: "ئێمە بابەتی کۆمپیوتەر زیاتر بە تیۆری دەخوێنین وەک لە پراکتیکی، چونکە هۆڵی تایبەتمان نیە لەگەڵ پێداویستیەکانی، تەنها هەندێک جار نەبێت خۆم لاپتۆپەکەم دەهێنم و هەندێک شتی سەرەتای نیشانی خوێندکارەکان دەدەم، ئەمەش سودی بۆ خوێندکار نابێت، چونکە وەک ئەوە نیە کە خۆی بەکاری بهێنێت".

وتیشی: "بەهۆی ئەوەی پسسۆری بابەتەکە هی خۆم نیە و کیمیام تەواو کردوە، ناخۆشە بۆم و تێگەشتنی خوێندکارەکان قورس دەبێت، ئەوەشی کە کردومە وەک هاوکاری بابەتەکەم وەرگرتوە، لەگەڵ ئەوەش هیچ خولێکی شیاندنم نەبینیوە تا شارەزای پەیدا بکەم لە بوارەکەدا، هەروەها دۆخەکەش کاریگەری کردوەتە سەر خوێندکاران کە ساردبونەتەوە لە خوێندن".

هەندێک لە مامۆستایان پێیانوایە پێویستە پەروەردە ئاوڕێکی جدی لە بابەتی کۆمپیوتەر بداتەوە وەک لەوەی کە بە بابەتێکی لاوەکی سەیر بکرێت.

زاگرۆس ئەحمەد، مامۆستای کۆمپیوتەر لە قوتابخانەی ئامادەیی (ڕێبەری ئێوارانی تێکەڵ)، لە ناحیەی پێباز دەڵێت: "خوێندنی بابەتی کۆمپیوتەر لە پرۆگرامەکانی خوێندنی قوتابخانە وخوێندنگاکان، پێویستیەکی یەکجار گرنگە و پێویستە ئاوڕێکی جدیی لێ بدرێتەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە لە زۆرێک لە قوتابخانە و خوێندنگاکاندا وەکو پێویست گرنگی پێ نادرێت، بێگومان ئەمەش بەهۆی کەمتەرخەمی لایەنی پەیوەندیدارە، کە پەروەردەی کەلارە".

وتیشی: "من پسپۆریم بابەتی کۆمپیوتەر نییە، بەهۆی نەبونی میلاکی مامۆستای کۆمپیوتەرەوە، بەناچاری ئەو وانەیە دەڵێمەوە، هەروەها پێداویستی کۆمپیوتەرمان نیە و کێشەیەکی گەورەیە و نەتوانراوە پێداویستییەکانمان بۆ دابینبکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش بە هیچ جۆرێک ناتوانین بابەتی کۆمپیوتەر بە پراکتیکی بخوێنین".

سەبارەت بە گونجانی مەنهەجی کۆمپیوتەر بۆ ئاست و توانای خوێندکار، زاگرۆس ئەحمەد وتی: "بابەتەکان بابەتی بنچینەیین بۆ فێربونی خوێندکار زۆر گونجاو و شیاوە هیچ نەنگی و ناتەواوییەکی تیانیە، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە بوەتە مایەی گرفت ، نەبونی پێداویستی پێویست بۆ خوێندنی ئەم وانە و نەبونی هۆڵی تایبەتمەندە بۆ خوێندن".

هەروەها، فەلاح ساڵح محەمەد، مامۆستای کۆمپیوتەر لە قوتابخانەی ئامادەیی (کوردستانی نوێی تێکەڵ) لە کەلار دەڵێت: "خوێندنی وانەی کۆمپیوتەر لە ناوەندەکانی خوێندن وفێرکردن لە ئیدارەی گەرمیان کەموکورتییەکی زۆری پێوە دیارە ئەویش بەهۆی چەند هۆکارێک لەوانە کەرەستەکانی کۆمپیوتەرە ئەگەر هەبوبێت ناگونجێت لەگەڵ ژمارەی خوێندکارانی پۆلێک لە قوتابخانەکە، بۆیە مامۆستا

ناچار دەبێت پۆلەکە دابەش بکات بە پێی ژمارەی خوێندکاران و کاتی وانەکە کە ئەویش گرفتێکی تر دروست دەکات و دەبێتە هۆی سستبوونی پرۆسەی فێرکردن بە شێوەی پراکتیکی".

وتیشی: "وەکو پسپۆڕێکی بابەتی کۆمپیوتەر هیچ گرەنتییەک نادەم خوێندکار بە شێوەی تیۆری هیچ فێربێت رەنگە بتوانی لە بابەتەکە تێبگات، بەڵام بۆ مەبەستی تێپەڕاندنی تاقیکردنەوە نەک بۆ فێربون و سود وەرگرتن لەو بابەتە، لەبەر ئەوەی خوێندکار کە زانیارییەک وەردەگرێت بە شێوەیەکی تیۆری ناتوانێت بیسەلمێنێت کە ئایە ئەو زانیارییە دروستە یان نا، ئەگەر کۆمپیوتەری نەبێت، واتە وەکو ئەوەی کەسێک مۆڵەتی شۆفێری هەبێت، بەڵام لە ژیانی دا ئوتۆمبێلی لێنەخوڕیوە".

ئاماژەی بەوەشکرد: "پێش بایکۆت و خۆپیشاندانەکان گرنگییەکی باش نەدراوە بۆ بابەتی کۆمپیوتەر لەبەر چەند هۆکارێک، بەڵام سەرەکیترین هۆکار بڕیارەکانی وەزارەتی پەروەردەیە دەربارەی بابەتی کۆمپیوتەر کە بریتین لەوەی بابەتی کۆمپیوتەر ناخوێندرێت لە قۆناغی ١٢ ئامادەیی، هەروەها بابەتی کۆمپیوتەر لە قۆناغەکانی تر بە بابەتێکی سەرەکی دانانرێت و ئەژمار ناکرێت بۆ کۆی گشتی نمرەکان، لەگەڵ ئەوەش نەبونی یەکەی سەرپەرشتیاری تایبەت بە بابەتی کۆمپیوتەر کە ئاگای لە کەموکورتییەکانی پرۆسەی وانە وتنەوەی ئەو بابەتە بێت لە قوتابخانەکاندا".

## ٥. وتەی بەڕێوبەرانی ناوەندەکانی خوێندن لە سەر بابەتی کۆمپیوتەر:

پشتگوێ خستنی بابەتی کۆمپیوتەر و نەخوێندنی بە پراکیتیکی زۆربەی ناوەندەکانی خوێندنی گرتوەتەوە و زیاتر گرنگی بە تیۆری دەدرێت ئەمە بە وتەی بەڕێوبەرانی قوتابخانە ئامادەیی و بنەڕەتیەکان دیارترینیان ئەو ناوەندانەش زۆرترین گرفتیان لە وانەی کۆمپیوتەر هەیە ناوەندی لادێیەکانە.

## ا. بەڕێوبەرانی  قوتابخانە بنەڕەتییەکان

لەگەڵ نەبونی پێداویستی کۆمپیوتەر و گرنگی پێنەدانی لە لایەن پەروەردە، بایکۆتی هۆڵەکانی خوێندنیش هێندەی دیکە خوێندنی بابەتی کۆمپیوتەری لە ناوەندەکان لاوازکرد و لە هەندێک ناوەندیش بۆ قەرەبوکردنەوەی بابەتی دیکە بەکاردەهێنرێت.

بەمۆ حسین محەمەد، بەڕێوەبەری قوتابخانەی بنەڕەتی (شەم) لە کەلار دەڵێت: "وانەی کۆمپیوتەر لای ئێمە بەهۆی دۆخەکەوە لە وەرزی دوەمەوە نەمان خوێندوە و خستومانەتە لاوە لەبەر بابەتەکانی دیکە بەهۆی کەمی کاتەوە، هەروەها تاقیگەی تایبەتمان نیە و چەند کۆمپیوتەرێکمان هەیە بەکار ناهێنرێت و ئیش ناکات، بۆیە ئێمە هەر بە تیۆری وانەکە دەخوێنین و پراکتیکی نیە ئەمەش بۆ

قوتابی سودی نابێت، چونکە بابەتەکە ئەگەر بە پراکتیکی نیشانی قوتابی نەدەی چ جا کۆمپیوتەر وەک ئەوە وایە بابەتێکی ئەدەبی لەبەر بکەیت".

وتیشی: "بابەتەکە نەک ئێستا بەڵکو لە ساڵانی پێشوتریش هەروابوە، چونکە ئێمە لە ناوەندەکان مامۆستای پسپۆری باشی کۆمپیوتەرمان نیە، ئەگەر ئێستا ڕاپرسیەک بکرێت لە ناوەندەکەن تا چەند مامۆستایان لە کۆمپیوتەر دەزانن ڕێژەکە زۆر دەبێت، تەنانەت من یەک مامۆستام لە داتا بەیس نازانێت بە یاریدەدەرەکەشمەوە، تائێستا هیچ خولێکی شیاندن نەکراوەتەوە بۆ مامۆستایان".

بەهەمان شێوە، کامەران نەسیف جاسم، بەڕێوەبەری قوتابخانەی بنەڕەتی (شاکار) لە ناحیەی سەرقەڵا دەڵێت: "بابەتی کۆمپیوتەر لە لای ئێمە بەهۆی بایکۆتەوە ئەمساڵ گرنگی ئەوتۆمان پێنەداوە، بەڵکو لە ساڵانی پێشوتر جیاوازتر بو گرنگیمان پێداوە، بەڵام هەر بە تیۆری نەک بە پراکتیکی، چونکە جێگەی تایبەت بە کۆمپیوتەر و پێداویستیەکانیمان نیە و بە تیۆری دەیخوێنین".

وتیشی: "لە خشتەی وانەکان دو بەشە وانەی هەیە و تاقیکردنەوەکانیش هەر بە تیۆری ئەنجام دەدەین، لەگەڵ ئەوەش ئێمە مامۆستای پسۆری بابەتی کۆمپیوتەرمان نیە و دابەشمان کردوە بەسەر پسپۆری بابەتەکانی تر بەتایبەت زانستیەکان".

ئەگەرچی گوندەکانیش وەک سەنتەری شار وانەی تێدا دەخوێندرێت و سەر بەو پەروەردەیەیە کە ناوەندەکانی سەنتەری شاری لەسەرە، ئەوەی مایەیی تێبینیە ئەوەیە کە وەک پێویست ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوە بە تایبەت بۆ پێداویستیەکانی کۆمپیوتەر کە پیویستە وەک سەنتەری شار چ مامۆستای پسپۆری بابەتەکە چ پێداویستیەکانیان بۆ دابین بکرێت.

ئەمەل ڕەشید وەلی، بەڕێوبەری قوتابخانەی بنەڕەتی (پارێوڵەی گەورە) لە ناحیەی پێباز دەڵێت: "بابەتی کۆمپیوتەر لەلای ئێمە بە پراکتیکی ناخوێندرێت ئەوەی هەیە تەنها تیۆرییە بۆیە بونیشی لە ناوەندەکەمان وەک پێویست نیە، شێوازی خوێندنی بابەتی کۆمپیوتەر بە پراکتیکی لە لای ئێمە ئەوەیە مامۆستایان خۆیان لاپتۆپ دەهێنن و پیشانی قوتابیەکانی دەدەن ئەوەشی دەیکەن بە داتاشۆ نیە تەنها لەسەر لاپتۆپەکەیە ئەمەیە پراکتیکی لەلای ئێمە".

وتیشی: "کارەبا لە لادێیەکان وەک پێویست نیە ئەگەر تاقیگەی کۆمپیوتەریش هەبێت سودی نابێت ئەگەرچی هیچمان نیە، لەگەڵ ئەوەش ئێمە مامۆستای پسپۆری بابەتەکەمان نیە و داومانە بە مامۆستای بابەتەکەنی تر".

بە هەمان شێوە، ئەکرەم کەریم محەمەد، بەڕێوەبەری قوتابخانەی بنەڕەتی (دوانزە ئیمام) لە ناحیەی سەرقەڵا دەڵێت: "بابەتی کۆمپیوتەر لەلای ئێمە دەخوێندرێت و گرنگی پێدەدرێت، بەڵام بە تیۆری نەک بە پراکتیکی، چونکە پێداویستی و هۆڵی تایبەت بە کۆمپیوتەرمان نیە ئەوەی هەمانە (٢) دانەیە ئەوەش بۆ ئیدارەیە، لەگەڵ ئەوەش قوتابیەکان دەهێنین لێرە ئەو دو کۆمپیوتەرە بە پراکتیکی هەندێک شتیان فێر دەکەین، بۆیە شێوازی خوێندنی پراکتیکی لەلای ئێمە ئەوەیە".

وتیشی: "ئێمە مامۆستایەکی بە توانامان هەیە، بەڵام هۆڵ و پێداویستی کۆمپیوتەری هاوکار نیە، بۆیە هەر بە تیۆری دەخوێنین و لە خشتەی وانەکانیش گرنگی پێدەدەین و بابەتەکە بە باشی دەخوێندرێت ئەگەر چی سودێکی ئەوتۆ بە قوتابی ناگەیەنێت بە تیۆری".

ئەگەرچی لە هەندێک ناوەند مامۆستایان خۆیان لە ڕێگەی داتاشۆوە وانەی کۆمپیوتەر بە پراکتیکی دەخوێنن بەهۆی نەبونی پێداویستیەکانەوە، بەڵام ئەم دەرفەتە بۆ زۆرێک لە ناوەندەکان نەرەخساوە بەهۆی نەبونی جێگەوە.

لوقمان محەمەد، بەڕێوبەری قوتابخانەی بنەڕەتی (شێخ حسێنی هەزارکانی) لە ناحیەی رزگاری دەڵێت: "لە ناوەندەکەی ئێمە ئەوەی هەیە تەنها (٣) کۆمپیوتەرە ئەویش بۆ کاری ئیداری بەکاردێت نەک بۆ قوتابی ئەمە لە تەواوی بنەڕەتیەکان وایە و لە ئامادەییەکان هەیە، بەڵام هاوکاری بنەڕەتیەکان نین بۆ پێداویستیە کۆمپیوتەرییەکان، هیچ شتێکمان نیە ئەوەی هەمانە داتاشۆیەکە ئەویش ناتوانین بەکاری بهێنین بەهۆی نەبونی جێگەیەکی جێگیر بۆی".

وتیشی: "ئێمە مامۆستای پسپۆری بابەتەکەمان نیە، بابەتەکەمان داوە بە مامۆستایانی تر کە توانایان هەبێت یا ئارەزویان لە بابەتەکە هەبێت، چونکە هەر بە تیۆری دەخوێنین ئاسانە وتنەوەی بابەتەکە ئەمەش کاریگەری خراپی هەیە بۆ سەر قوتابیان".

## ب. بەڕێوبەرانی قۆناغی ئامادەیی

لە ناوەندە ئامادەییەکان وەک پێویستی بابەتی کۆمپیوتەر بە پراکتیکی ناخوێندرێت، بە پێی ئەو بە دواداچونەی کە یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان بۆ ناوەندەکانی کردوە لە هەندێک ناوەند گرفتی نەبونی پێداویستی و جێگەی تایبەت بە کۆمپیوتەر هەیە و لە هەندێک ناوەندیش گرفتی کەموکورتی پێداویستیەکانی کۆمپیوتەریان هەیە.

سەعاد زەینعابدین نەجم، بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئامادەیی (دۆغان) لە قەزای کفری دەڵێت: "لە ناوەندەکەی ئێمە چونکە هی بنەڕەتییە و ئێمە میوانین لەوێ، ژوری تایبەت بە کۆمپیوتەرمان نیە و هەر بە تیۆری دەیخوێنین، لە رێگەی داتاشۆوە بۆیان شەرح دەکات بە پراکتیکی خوێندنی ئێمە ئەوەیە، ئەگەر چی ئەوە هیچ سودێک بە خوێندکار ناگەیەنێت چونکە وەک ئەوە نیە کە لە بەردەستی خۆی بێت و بەکاری بهێنێت و شارەزایی پەیدا بکات".

وتیشی: "مامۆستای پسپۆری بابەتەکەمان نیە بەڵکو مامۆستای کیمیا وانەکە دەڵێتەوە چ بۆ زانستیەکان چ بۆ وێژەییەکان، هەروەها بەشە وانەکەشی کەمە لە خشتەکەدا بەتایبەت بۆ زانستیەکان کە (١) بەشە وانەیە بۆ وێژەییەکان (٢) بەشە وانەیە لە هەفتەیەکدا".

لە هەندێک ناوەند بە هۆی گرفتی کۆنی بینا پێداویستی و جێگای تایبەت بە کۆمپیوتەری بۆ دابین نەکراوە ئەمەش گرفتێکە کە بە شێک لە ناوەندەکانی پەروەردەی گەرمیانی گرتوەتەوە و خوێندنی بابەتەکەش هەر بە تیۆرییە.

هەمزە عەبدولڕەحمان عارف، بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئامادەیی (ئەحمەد موختاری ئێواران) لە کەلار دەڵێت: "لە ناوەندەکەی ئێمە بەهۆی کۆنی بیناوە جێگەی تایبەت بە کۆمپیوتەرمان نیە و پێداویستیشمان نیە، بۆیە ئەوەی هەمانە تەنها بۆ ئیشی ئیدارییە نەک خوێندکار، بابەتەکە هەر بە تیۆری دەخوێندرێت و هیچ بە پراکتیکی نیە و ئەمەش هیچ سودێکی بۆ خوێندکار نابێت".

وتیشی: "ئێمە لە هەفتەیەکدا یەک بەشە وانەی کۆمپیوتەر هەیە ئەویش بە باشی ناخوێندرێت و بۆ قەرەبوی بابەتەکانی دیکە بەکاردەهێنرێت بە هۆی ئەو دۆخەی کە ئەمساڵ پەروەردە روبەروی بوە، لەگەڵ ئەوەش ئێمە مامۆستای پسپۆری بابەتەکەمان نیە، بۆیە بابەتی کۆمپیوتەر بە لاوەکی دەبینرێت".

جیاواز لە ناوەندەکانی تر هەندێک ناوەند ئەگەرچی ژمارەی پێداویستیە کۆمپیوتەرەکان کەمن، بەڵام ئەمە نەبوەتە رێگر و هەر بە پراکتیکی دەخوێندرێت و گرنگی پێدەدرێت.

نەجیب عومەر محەمەد، بەڕێوبەری قوتابخانەی ئامادەیی (بەمۆ) لە ناحیەی رزگاری دەڵێت: "لە ناوەندەکەی ئێمە هۆڵێک و چەند کۆمپیوتەرێکمان هەیە خوێندکاران رۆژانە بە پراکتیکی دەیخوێنن، ئەگەرچی ئەو کۆمپیوتەرانەی هەن کەمن و چەند خوێندکارێک و لە سەر دانەیەک دەبن، بەڵام هەر باشە، ئەوەی کە پێویستە هەبێت ئەوەیە کە هێڵی ئینتەرنێتمان نیە ئەگەر هەبێت زۆر باش دەبێت".

وتیشی: "بایکۆت کاریگەری لەسەر هەمو بابەتەکان هەبو چ جا بگات بە کۆمپیوتەر، ئێمە گرنگی بە بابەتەکە دەدەین و لە چاو بەشێکی زۆر لە ناوەندەکان باشترین کە هەر بە تیۆری دەخوێنن، ئەگەرچی پێویستە گرنگی زیاتری پێبدرێت".

ئەگەرچی هەندێک ناوەند هۆڵ و پێداویستی کۆمپیوتەری تێدایە، بەڵام بە پراکتیکی ناخوێندرێت و گرنگی پێنادرێت بەهۆی کەموکورتی و کارنەکردنی بەشێک لە کۆمپیوتەرەکان.

عەلی ئەحمەد رەحمان، بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئامادەیی (پێبان) لە ناحیەی پێباز دەڵێت: "لە لای ئێمە کۆمپیوتەر بەس بە ناو هەیە و هۆڵی تایبەت و پێداویستیشی هەیە، بەڵام بەکار نایەت و کار ناکەن و گرفتیان هەیە و بە پراکتیکی سودی لێ نابینین لەگەڵ ئەوەش گرفتی کارەبامان هەیە ئەمە سەرەکیترینیانە، بۆیە هەر بە تیۆری دەخوێنین وەک بابەتە ئەدەبیەکان تاقیگەکەشمان وەک روکەشە، چونکە گرفتمان هەیە".

وتیشی: "ئێمە دو مامۆستای کۆمپیوتەرمان هەبو ئێستا دانەیەکیان بوە بە بیرکاری و وانەی کۆمپیوتەر ناڵێتەوە، ئەوەکەی تریشمان توشی روداو بوە، بۆیە بابەتەکە دەخوێنین بە تیۆری نەک بە پراکتیکی".

گرفتی نەبونی پێداویستی ئامادەیی گوندەکانیشی گرتوەتەوە و هەمان گرفتیان هەیە، بەڵکو لە هەندێک ناوەند جیاوازتر بابەتەکە دەخوێندرێت ئەوەیش لە رێگەی داتاشۆوەیە.

مەهدی عەبدولکەریم قادر، بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئامادەیی (هەواسان) لە ناحیەی مەیدان دەڵێت: "بابەتی کۆمپیوتەر ئەمساڵ لەلای ئێمە جیاواز لە ساڵانی پێشوتر دەخوێندرێت، چونکە هۆڵیکمان هەیە و خاڵییە لە پێداویستی کۆمپیوتەری بۆیە مامۆستای بابەتەکە لاپتۆپی خۆی دەهێنێت و داتاشۆیەکمان هەیە لەو رێگەیەوە بابەتەکە بە پراکتیکی دەخوێندرێت".

وتیشی: "لە خشتەی وانەکان بونی هەیە و لە ساڵی پار فەرمانی فەرمیمان بۆ هات نەک کۆمپیوتەر بەڵکو هونەر و وەرزشیش گرنگی ئەوتۆی پێنەدرێت، ئەمساڵیش دەیخوێنین و گرنگی پێدەدەین، بەڵام وەک پێویست نیە، چونکە بە هۆی دۆخەکەوە بەشە وانەکە بۆ قەرەبوی بابەتەکانی تر بەکار دەهێنرێت".

## ٦. وتەی فێرخوازان لەسەر نەخوێندنی وانەی کۆمپیوتەر لە ناوەندەکانی خوێندن

سەبارەت بە نەخوێندنی وانەی کۆمپیوتەر لە ناوەندەکانی خوێندن بە پراکتیکی هەر یەکەو لە قوتابیان و خوێندکاران باس لە کاریگەرییە نەرێنیەکانی دەکەن، باس لەو ئاستەنگانە دەکەن کە هاتوەتە پێشیان بەهۆی نەخوێندنی وانەکە بە پراکتیکی.

ئەسما کەریم جەبار،خوێندکاری قۆناغی چواری ئامادەییە لە قوتابخانەی ئامادەیی شێروانەی کچان لەکەلار، دەڵێت: "لەقوتابخانەکەی ئێمەدا هیچ جێگایەکی تایبەت بەوانەی کۆمپیوتەر دابین نەکراوە، تاوەکو ئەم وانەیە بەشێوەیەکی کردارەکی بخوێنین، ئەوەی هەیە تەنها ئەوەیە لەسەر کتێب وانەکەمان خوێندوە ئەوەش وایکردوە کە سودێکی ئەوتۆ لەوانەی کۆمپیوتەرنەبینم".

وتیشی: "ئەومامۆستایەی کەوانەی کۆمپیوتەرمان پێ دەڵێت دەرچوی بەشی کۆمیوتەر نیە و ناتوانێت زۆر بەباشی وانەکەمان پێ بڵێتەوە".

بە هەمان شێوە، نور تۆفیق مامەخان، خوێندکاری قۆناغی پێنجی ئامادەییە لە قوتابخانەی ئامادەیی شێروانەی کچان لەکەلار، وتی: "ئێمە بە تەنها لەسەر کتێب وانەی کۆمپیوتەر دەخوێنین، بەشێوەی پراکتیکی وانەکە ناخوێنین بەو هۆیەوە ئەوەی کە لە تیۆرییەکە دەیخوێنین بیرمان دەچێتەوە و ئەمەش گەورەترین گرفتە بۆ من و هاورێکانیشم".

نەخوێندنی وانەی کۆمپیوتەر کاریگەری لەسەر ئاستی زانستی فێرخوازان دەبێت و وەک ئاماژەی بۆ دەکەن هیچ سودێک لە خوێندنە تیۆرییەکە وەرناگرن.

جوان ئیسماعیل ئەحمەد، خوێندکاری قۆناغی چوارەم لە زانکۆی گەرمیان سەبارەت بە نەخوێندنی بابەتەی کۆمپیوتەر لە ناوەندەکانی خوێندن دەڵێت: "نەخوێندنی بابەتی کۆمپیوتەر بە پراکتیکی لە ناوەندەکانی خوێندن زۆرترین زیانی هەیە، چونکە کە دەچیتە زانکۆ هیچ شارەزاییەکت نابێت و بۆت سەخت دەبێت کە ئەمە روبەروی خۆمیش بوەتەوە".

وتیشی: "خوێندنی بابەتی کۆمپیوتەر بە تیۆری هیچ سودێکی نابێت بۆ قوتابی و خوێندکار، چونکە ئەگەر وانەبێت ئەوە ناچار نابین پەنا ببەینە شوێنەکان بۆ تەواوکردنی توێژینەوەکانمان یان هەندێک ئیشی سەرەتایی هەیە کە پێویستە خۆمان بیکەین بە هۆی ئەوەی شارەزایمان لە کۆمپیوتەر نیە پەنا دەبەینە دەرەوە".

بەهەمان شێوە، کوردە ئەحمەد حسێن، خوێندکاری قۆناغی یەکەم لە پەیمانگای تەکنیکی کەلار، دەڵێت: "نەخوێندنی وانەی کۆمپیوتەر لە ناوەندەکانی خوێندن شتێکی زۆر زۆر هەڵەیە، خۆم کە چومە پەیمانگا هیچ شتێکم نەدەزانی لە کۆمپیوتەر بە پراکتیکی تەنانەت هەستم بە بچوکی خۆم کرد، بۆیە گرنگە خوێندنی وانەی کۆمپیوتەر لە ناوەندەکان بکرێت بە پراکتیکی و تیۆری هەڵبگیرێت، چونکە هیچ سودێکی بۆ قوتابیی نابێت".

وتیشی: "بۆ من و چەندانی تری وەک من زۆر سەخت بوە کە بە مامۆستاکەمانمان وتوە ئێمە لە کۆمپیوتەر نازانین و وەک یەکی بنەڕەتی فێریان دەکردین".

نەک لە سەنتەری شار بەڵکو لە ناوەندی گوندەکانیش هیچ لە قوتابیان ئاشنای بابەتی کۆمپیوتەر نەبون بە پراکتیکی هۆکاری ئەمەش نەبونی پێداویستی و جێگەی تایبەتە بە بابەتەکە.

سەردەشت حەسەن، قوتابی قۆناغی نۆیەمی بنەڕەتیە لە قوتابخانەی (سەیدە)ی سەر بە ناحیەی سەرقەڵا، دەڵێت: " ئێمە ساڵی پار بابەتی کۆمپیوتەرمان خوێند، بەڵام ئەمساڵ نەمان خوێندوە و لە خشتەی وانەکانیشمان نیە ئەوەشی کە خوێندمان هەر بە تیۆری بو نەک پراکتیکی، چونکە هیچ پێداویستی کۆمپیوتەریمان نیە".

## ٠٧ ڕای بەڕێوەبەرانی پەروەدەی گەرمیان و سەرپەرشتیاران لەسەر خوێندنی وانەی کۆمپیوتەر

سەبارەت بە نەخوێندنی بابەتی کۆمپیوتەر بە پراکتیکی و گرنگی پێنەدانی لە ناوەندەکانی خوێندن، هەریەک لە بەڕێوبەرانی پەروەدەکانی سنوری پەروەردەی گەرمیان و سەرپەرشتیارانی بابەتی بیرکاری کە بە هۆی نەبونی سەرپەرشتیارەوە ئەوان سەرپەرشتی دەکەن، وتەی خۆیان هەیە لە سەر هۆکارەکان.

عەلی حاتەم، سەرپەرشتیاری پەروەردەی بیرکاری لە پەروەردەی کەلار دەڵێت: "گرنگی نەدان بە بابەتی کۆمپیوتەر لە ناوەندەکانی خوێندن ئەساسەکەی ئەوەیە کە لە تاقیکردنەوە کۆتاییەکان دانەنراوە بە تایبەت وزاری، ئەمەش وایکردوە بە بابەتێکی لاوەکی سەیر بکرێت و مامۆستایان کەمتر گرنگی پێبدەن".

دەشڵێت: "ئەگەرچی لە خشتەی وانەکان بونی هەیە و هەر بە تیۆری دەخوێندرێت، بە تایبەت لە دەرەوەی شار کە هیچ پێداویستیەکی کۆمپیوتەریان نیە، بۆیە بابەتەکەش گەر بە پراکتیکی نەخوێندرێت هیچ سودێکی بۆ قوتابی نابێت".

وتیشی: "نەبونی پێداویستی کۆمپیوتەری لە ناوەندەکانی خوێندن هۆکارێکە بۆ ئەوەی بابەتەکە بە تیۆری بخوێندرێت و گرنگیەکی ئەوتۆی پێنەدرێت و بەلاوەکی سەیر بکرێت، نەبونی کۆمپیوتەر پەیوەندی بە بودجە و جێگەی تایبەتەوە هەیە".

ئاماژە بەوەشدەکات: پێدانی بابەتی کۆمپیوتەر بە پسپۆری بابەتەکانی دیکە لە روی زانستیەوە گونجاو نیە تەنها ئەوەیە وەک "پینەکردنێکی" وەزعەکەیە، تەنانەت ئەوەنە بابەتەکە بەلاوەکی سەیرکراوە کە کەسیک لە کۆمپیوتەر تەخەروج دەکات بە بیرکاری دادەمەزرێت و وانەکە دەڵێتەوە".

بەهەمان شێوە، سەلام شوکر سەمین، سەرپەرشتیاری پسپۆری بیرکاری لە پەروەردەی گەرمیان دەڵێت: "خوێندنی بابەتی کۆمپیوتەر لە ناوەندەکان پەنجا بە پەنجایە لە قۆناغی ئامادەییەکان و تەنها لە قۆناغی (١٠ و ١١) دەخوێندرێت، بەهۆی ئەوەی لە تاقیکردنەوەی وزاری داخڵ نیە لە قۆناغی (١٢) ناخوێندرێت و گرنگی پێنادرێت، تەنانەت لە زۆرێک لە ناوەندەکان بەهۆی کەمی ژمارەی پسپۆری بابەتەکە کە ناگاتە (٢٠) مامۆستا لە پەروەردەی گەرمیان ناچار دراوە بە پسپۆری بابەتەکانی تر کە جوگرافیاشی تیایە، بەهۆی ئوەی بابەتەکە لاوەکیە گرنگی بە پسپۆرییەکەی نادرێت".

وتیشی: "نەخوێندنی بابەتەکە بە پراکتیکی لە ناوەندەکان کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر خوێندکار بۆ قۆناغی دوای ئەوەی کە زانکۆ و پەیمانگایە، بۆیە پێویستە گرنگی زیاتری پێبدرێت".

لە بەرامبەردا بەڕێوبەری پەروەردەی کەلار جەختلەوەدەکاتەوە کە بابەتەکە کراوە بە لاوەکی و دەڵێت پێویستە گرنگی پێبدرێت.

عەدالەت لەتیف، بەڕێوبەری پەروەردەی کەلار، دەڵێت: "بابەتی کۆمپیوتەر گرنگی زۆری هەیە لە ناوەندەکانی خوێندن و لە ئامادەییەکان بەتایبەت گرفتمان کەمترە دەخوێندرێت بە پراکتیکی لە بنەڕەتیەکانیش خراپ نیە، بەڵام ئەم چەند ساڵەی دوای کراوە بە لاوەکی یان هەر لابراوە و یان کەمکراوەتەوە لە وانەکانی ڕۆژانە بەتایبەت ئەمساڵ بەهۆی دۆخەکەوە".

دەشڵێت: "ئەگەرچی ئەمساڵ لە هەر ناوەندێک مامۆستای کۆمپیوتەری نەبوبێت و داوای کردبێت بۆم دابین کردوە، لەگەڵ ئەوەش لە ڕوی زانستیەوە ئەمڕۆ دونیای عەولەمەیە و کۆمپیوتەر و تەکنەلۆژیا بوەتە زمانی سەردەم بۆیە پێویستە گرنگی پێبدرێت، لەگەڵ ئەوەش ئێمە لە ناو واقعێکی تاڵدابین دامەزراندن نیە و گرێبەست نیە و بودجەی پێویست نیە بۆ دابینکردنی پێداویستی".

وتیشی: "ناوەندی وامان هەبوە کۆمپیوتەری لە کارتۆندا بوە و بەکاری نەهێناوە بەهۆی نەبونی جێگەوە، لەگەڵ ئەوەش لەدەرەوەی شاریش گرنگیمان داوە، بەڵام وەک پێویست نیە، چونکە ناوەندێک (٧٠٠) خوێندکار و قوتابی تێدا بێت گرنگی زیاتری پێدەدرێت وەک لە ناوەندێک کە (٩) قوتابی تێدا بێت ئەمەیە جیاوازییەکە، خۆی بابەتێکی سەرەکی نەبوە بخرێتە تاقیکردنەوە وزارییەکان بۆیە بەلاوەکی سەیر دەکرێت".

ئاماژەی بەوەشکرد: "لەوەتەی من دەستبەکار بوم خولی شیاندنمان نەکردوەتەوە، بەرنامەشمان هەبو خولی تر بکەینەوە، بەڵام دۆخەکە نەیخواست، هەروەها نەخوێندنی وانەی کۆمپیوتەر لە قۆناغی نۆیەمی بنەڕەتی نابێت و ئەگەر شتی وا هەبێت بە دواداچون دەکەین".

بەهەمان شێوە، ئیسماعیل سەمین، بەڕێوبەری پەروەردەی کفری، سەبارەت بە گرنگی دان بە بابەتی کۆمپیوتەر لە ناوەندەکانی خوێندن دەڵێت: "تا ڕادەیەکی باش گرنگی بە بابەتەکە دەدرێت لە ناوەندەکان و پرۆگرامەکە دەخوێندرێت و مامۆستای باشمان هەیە و خوێندکاران و قوتابیان سودیان بینیوە، مەنهەجی خوێندنەکەش ئەگەرچی کۆنە، بەڵام هەمو کتێبەکە ناخوێندرێت ئەو بەشانەی دەخوێندرێت کە گرنگە و سودی لێدەبینرێت، هەروەها نەبونی کۆمپیوتەر لە ناوەندەکان کاریگەری وای نابێت هیچ نەبێت هەر ناوەندە و دو کۆمپیوتەری تێدایە مامۆستایانیش دەتوانن لە ڕێگەی داتاشۆوە بابەتەکە بە پراکتیکی شەرح بکەن، ئەگەر چی زەرورە پێداویستی هەبێت لە ناوەندەکان".

وتیشی: "سەبارەت بە نەخوێندنی وانەی کۆمپیوتەر لە قۆناغی نۆیەمی بنەڕەتی پرسیارم نەکردوە و وەڵامەکەشی نازانم، هەروەها وەرگرتنی بابەتەکە لەلایەن پسپۆرییەکانی ترەوە کەوتوەتەوە سەر توانا و تاقەی ئەو مامۆستایەی کە بابەتەکەی وەرگرتوە ئەمە لە قۆناغی بنەڕەتی زۆرە، لەگەڵ ئەوەش هیچ خولێکی شیاندن نەکراوەتەوە لەلایەن پەروەردەوە".

هاوشێوەی دو بەڕێوبەرەکەی دیکە، بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیانیش دەڵێت گرفتیان هەیە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گرنگی بە بابەتەکە دەدەن.

دارا ئەحمەد سەمین، بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان دەڵێت: "بابەتی کۆمپیوتەر لە زۆربەی هەرە زۆری ناوەندەکانی خوێندن دەخوێندرێت و گرنگی پێدەدرێت بە تایبەت ئامادەییەکان و بە پراکتیکی دەخوێندرێت، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە بڵێین هیچ

کێشەیەکمان نیە و هەمو پێداویستیە کۆمپیوتەرییەکانمان هەیە، ئەمەش هۆکارەکەی نەبونی بودجەیە لەلایەن وەزارەتەوە بۆ کڕینی پێداویستیەکانی بابەتەکە".

رونیشیدەکاتەوە: "رێکخراوەکانیش بەهەمان شێوە هیچیان نەکردوە لەم چەند ساڵەی دوای، ئەوەشی هەیە هی ساڵانی پێشوترە کە لەلایەن رێکخراوی یونسکۆ و رێکخراوەکانی تر بۆمان دابینکراوە".

وتیشی: "بۆ چاکردنی کۆمپیوتەرە خراپ بوەکان ئێمە وەرشەی تایبەتمان هەیە و کۆمپیوتەریش چاکردنی گران نیە، بەڵام هیچ داوایان نەکردوە لەو بارەیەوە، هەروەها پێنەدانی هۆڵ و کۆمپیوتەر لەلایەن ئامادەییەکانەوە بە بنەڕەتییەکان هی میلاکی خۆیانە و تایبەتە بە خۆیان".

ئاماژەی بەوەشکرد: "ئەوانەشی کە پسپۆری بابەتێکن و بابەتەکەیان وەرگرتوە لە سەر توانا و لێهاتوی خۆیان وەریان گرتوە، ئێمە ئاگاداری ئەو بابەتە نین زۆر جار خۆیان وەریان گرتوە".

باسیلەوەشکرد: "ئێمە هەرجارە و لەگەڵ بەڕێوبەری ناوەندەکان کۆدەبینەوە و پێیان دەڵێین هەر داواکاری و گلیەکتان هەیە و لە روی پرۆگرامی خوێندنیشەوە پێمان بڵێن تا بەرزی بکەینەوە بۆ سەرەوە هی بابەتەکانی تر هاتوە، بەڵام هی کۆمپیوتەر نەهاتوە تا ئێستا".

ئەوەشی وت: "هۆکاری سەیرکردنی بابەتەکە بەلاوەکی ئەوەیە کە نەخراوەتە تاقیکردنەوە وزارییەکان، تەنانەت لە کوردستان کۆی پرۆسەی پەروەردە سەقەتە، سەقەتیکەشی ئەوەیە کە خوێندکار و قوتابی ئەوەنە بۆ دەرەجە ئەخوێنن بۆ زانست و مەعریفە ناخوێنن، بۆیە ئەم سەقەتیەش کۆمپیوتەری گرتوەتەوە".

## بەشی سێیەم: راسپاردەکان

١. پێویستە لە ناوەندەکانی خوێندن پێداویستیەکانی کۆمپیوتەر و جێگەی تایبەت بە خۆی بۆ دابین بکرێت بۆ ئەوەی بتوانرێت زیاتر گرنگی بە بابەتەکە بدرێت و خوێندکاران لێی دانەبڕێن.

٢. دانانی مامۆستای پسپۆری بابەتەکە هاوشێوەی بابەتەکانی دیکە بۆ سەرجەم ناوەندەکانی خوێندن بە تایبەت قۆناغی ئامادەییەکان.

٣. کردنەوەی خولی شیاندن بۆ ئەو مامۆستایانەی پسپۆری بابەتێکن و بابەتی کۆمپیوتەریان وەرگرتوە، بۆئەوە ئاستی زانستیان سەبارەت بە بابەتەکە فراوانتر بکەن.

٤. پێویستە پێداچونەوە بەکۆی پرۆگرامی کۆمپیوتەردا بکرێت، چونکە کۆمپیوتەر زانستێکە کە بەردەوام نوێدەبێتەوە، پێویستە مەنهەجەکانیش نوێ و ئەپدەیت ببنەوەو هەروەک مامۆستایان و وانەبێژانیشی بەردەوام خولیان بۆ بکرێتەوە.

٥. بە پراکتیکی کردنی وانەی کۆمپیوتەر لە ناوەندەکان گرنگە، چونکە فێرخواز سودێکی ئەوتۆ لە تیۆری نابینن، بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانرێت چەندین رێگا بگیرێتە بەر، بۆنمونە دروستکردنی هۆڵ و تاقیگەی هاوبەشی کۆمپیوتەر لەنێوان ئەو قوتابخانانەی کە ٢ دەوامن، یان تەرخانکردنی بڕێک لە پارەی داهاتی قوتابخانەکان بەتایبەت هی فرۆشگاکانیان، بۆ کڕینی ئامێری کۆمپیوتەر و کەرەستەکانی دیکەی.

٦. لە روی بونیادەوە، پێویستە پێداچونەوە بە گرنگیی و بونی ئەم بابەتە بکرێت لە مەنهەجی خوێندن دا، بۆ ئەوەی وەکو وانەیەکی لاوەکیی تەماشا نەکرێت.

٧. دابین کردنی سەرپەرشتیاری پەروەردەی و پسپۆری بۆ بابەتەکە، بۆئەوەی زیاتر ئاگاداری کێشە و گرفتەکانی مامۆستایان و بابەتەکە بن لە ناوەندەکانی خوێندن.


- ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:

**ئەحمەد حەمید وەلی، سەرپەرشتیاری یەکە.**

**زریان محەمەد، دۆسیەی پەروەردە.**

**رێناس ساڵح، دۆسیەی تەندروستی.**

**بۆپەیوەندی:**

٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠ —٠٧٧٠٢٣٠٣٦٧٦

Radiodeng@yahoo.com

Radiodang.org